# هاوینە هەوارەکانی کوردستان .. دۆزەخەکانی دیموکراسی

هەردی مەهدی میکە
Hardi_mahdi@yahoo.com

## 1- رێکەوتنی دووئیدارە داپۆشەر و دواخەری ململانێ

گەر بە دیققەتەوە بڕوانینەوە رووداوەکانی پاش نەوەدویەك و گەورەترین ئەنجامی سامناکیشیان کە شەڕی ناوخۆ بوو، ئەوا گرنگە بە دوای ئەو فاکتەرانەدا بگەڕێین کە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی بەرهەمهێنا نەك لە جەنگی ناوخۆ بترسین کە ئەمڕۆی بێ سەروبەر ئەنجام بهێنێ ، راستیەکەی نابێت لە شەڕی ناوخۆدا ئەوەلەبیرکەین کە ئەم شەڕە دەرهاویشتەی هەناوی رووداوەکانی دۆخی ئەو کاتەبوو، تا ئەوەی وەك فاکتەرێك لێی بڕوانین و بڵێین با دوبارە نەبێتەوە، ئەگەر ئەوەمان دەوێت ئەبێت حەزەر لە سیناریۆکانی پێش جەنگەکە بکەین و ئەوان دوبارە نەبنەوە، بەڕای ئێمە فیفتی بە فیفتی و تەوافوق و 50-50ی پاش هەڵبژاردن و (رازی نەبوون بە ئەنجامەکانی) یەکەم هۆکار و سەرەکیترینە کە دەبێت پێی لەسەر دابگرین دوبارەنەبێتەوە کە بەداخەوە سیاسیەکانی ئێمە تەنها ئەم خیارەیان لەبەردەمدایە لە هەموو کات و شوێنێکدا بە عەسای سیحری لێی دەڕوانن ، ئەمە خاڵێك بوو کە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم رووداوە جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسا، لێرەدا پێویست ناکات لەسەر سلبیاتەکانی ئەو کارەساتە بدوێین و تەنها هێندە بەسە کە بڵێین کە تەوافوق و پەنجا بەپەنجا جگەلەوەی جەنگیان بەرهەمهێنا ، بوویە ئەو پەردەیەی کە کێشە و ململانێکانی داپۆشی و دوایخستن و بێ چارەسەر هێشتنیەوەو هەڵیگرتن بۆ ئەمڕۆ ،واش بڕوات بۆ 15ساڵی دیکە هەڵدەگیرێن. ئەو گرژیە توندە و ئەو نامەسئولیەتەی ئەمڕۆ لە پارتی و یەکێتی و جەماوەردا دەرکەوتووە ،دەبوو ئەوکاتە نەوەدو دوو روویبدایە، بەڵام تەوافوق لەم چەندساڵەی رابردودا و ئاگربڕ و ئێستەش خەڵك فریودان بە ئەفسانەی یەکگرتنەوە، ئەو حاڵەتە خراپەیە کە ئەم کارەی پەردەپۆش کرد، لەبری ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە کێبەرکێ و ململانێی دیموکراسیەت و مافەمەدەنیەکان لەگەڵ باشور و ناوەڕاستدا بکەین وا جارێ خەریکی داپۆشین و چارەسەری کێشەکانی پانزەساڵ بەرلەئێستەین.. ئەمڕۆ دەردەکەوێ کە ئەو مانگە هەنگوینیانەی نێوان پارتی و یەکێتی کە میدیاکانیان بۆیان سازدەکردین لە ژێرەوە بچوکترین کێشەیان چارەسەر نەکردوە و بەردەوام ئەو حەقیقەتە تاڵەی ئەمڕۆ ئامادەگی هەبوو، لەبەرئەوە گەر ئەم ململانێیەی لەم دوهێزەدا دیارە و شاراوە نیە ئەو کات روونتر دەربکەوتایە و سیناریۆ خەڵەتێنەر و تەبێژە مژدەدەرەکانی پارتی و یەکێتی نەبوونایە بۆ رێکەوتن و تەوافوق، ئەوکات لەبری ئەو حاڵەتە سەرکەشیەی پارتی و (خواستە خامینەیی و ئەسەدیەکانی) و ئەو سازشە بێمانایەی کە یەکێتی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی هاوڵاتی دەیکات و ئەو (شەهوەتی کورسی)یەی ئەولا کە هەموو شتێکیان پێدەکات، ئەوجا ئێستا ململانێیەکی مۆدێرنتر و باشترمان دەکرد و لەئاستی باشور و ناوەڕاستدا دەستەپاچە نەدەماینەوە بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوان دەبێت نەك هەر ئەزمونە تەواو ساواکەیانمان بۆ بگوازنەوە بەڵکو ناوبژی و چارەسەری کێشەکانیشمان بۆ بکەن..

## 2 - مەرجەعەکانی کوردایەتی فرۆشتن

وەهمێك کە ئەمڕۆ (پارتی و یەکێتی و کۆمەڵێ رۆژنامەنوس و رۆشنبیر) پاش ئەو کەڵەکەکاریە تاڵە مێژوویەی رووداوەکانی ناوخۆی کوردستان بۆ جەماوەریان دروستکردوە، ئەوەیە کە کۆمەڵێ چەمك و وشەی بریقەدار و یەکلاکەرەوە دەخەنەڕوو بۆ داخستنی هەر زمان و هەردەم و هەرکەسێك کە پەلەقاژەیەك بۆ مافەسەرەتاییەکانی بکات ئەوانیش بە واژەکانی (مەسەلەی کورد و فیدراڵی و نەتەوایەتی و پارستنی ئەزمون و دوژمنانی دەرەکی و ترس لە عەرەبی شۆڤێنی و یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە و بەرژەوەندی باڵا..تاد) راستیەکەی بەکارهێنانی ئەو وشە بریسکەدارانە لەم باردوخەدا هێندەی فیشەکەکانی براکوژی کاریگەری سلبی خۆیان هەیە بۆ خەساندن و مراندنی رۆحی جەماوەر، ئەم وشانە هێندەی کەلیماتی خوداین و لە هی کتێبە پیرۆزەکان دەچن ئەوەندە لە وتەی سیاسەت و زەمین ناچن.. ئاخر ئەمڕۆ هەر لیستێك لەدەرەوەی یەکێتی و پارتی بێت کورد نیە، هەرکەسێك موچەی رێکخستنەکانی ئەو دووانە وەرنەگرێت هاوڵاتی نیە، هەر

حیزبێك (نا)یەك بۆ ئەم دوو هێزە بكات ئەوە خیانەتی لە بەرەی كوردایەتی كردووە، هەر لایەنێك لەگەڵ باشور و ناوەڕاستدا سوكە پەیوەندیەكی هەبێ دژی فیدراڵیەت و بەرژەوەندی باڵایە..

راستیەكەی هەموو ئەم قسانە سیناریۆن و زیرەكی پارتی و یەكێتی تێدا دەردەكەوێ ، چونكە ئەوان بەم هۆیەوە وا نیشانی دەدەن كە وەك ئەوەی خودا ئەم پۆستانەی بۆ باراندبن و نوێنەری متمانە پێكراوی ئەون بۆ مەسەلەی ئەم كوتلە ئاڵۆزەی كوردایەتی ، لە بنجیشدا ئەمانە جەنگی شەهوەتی كورسی و بەرژەوەندیەكانی خۆیان دەكەن لەپەردەی ئەم وتە ئاسمانیانەدا، لەكاتێكدا هەر كەسێك خاوەنی زمانی كوردی بێت دەتوانێ داكۆكی لە مافەكانی بكات نەك تەنها (مام جەلال و كاك مەسعود) باوكی ئەم مەسەلانە بن..

## 3- ئاشتی و ئاگربڕ لەبری هاوڵاتیبوون.. ڕێكەوتن بەرامبەر ئازادی

سیناریۆكانی پارتی و یەكێتی لەوەدایە كە جەماوەریان كردۆتە داشێكی یاریەكانیان و جەماوەریش بێ ئەوەی بەمە بزانێ یاری ئەوان تەواودەكات، ئەم دوو هێزە لە پیاوە سیاسیەكانی سەدەكانی 18 و 19ی ئۆروپا دەچن لە كاتێكدا خەڵك پێویستی بە نەفەسی ئازادی و دیموكراتی بوو كە خۆی لە شۆڕشی فەرنسیدا مانیفێست دەكرد و بە ئۆروپادا تەشەنەی دەكرد، بەڵام سیاسیە زیرەكە موحافیزكارەكانی نەمسا و روسیا و ئینگلتەرا وریاتربوون بۆئەمە هەستان بە بەرپاكردنی جەنگی درێژخایەن ، تا ئەوەی خەڵك لەبری ئەوەی داوای ئازادی بكات بەدوای تۆزێك ئاشتیدا بگەڕێ و بیر لە شتی دی نەكاتەوە، ئەوەش بوو لە دواییدا قەیسەری روس دەیوت "خەڵك ئاشتی دەوێ ئازادی بۆ چیە؟" ،ئەمرۆش ئێمە تەنها رێكەوتنی ئەم دوو برایەمان دەوێ و هیچی دی!!..

پارتی و یەكێتی بە هەمان دۆخدا یاریدەكەن پاش 91 دەبوو ئێمە داوای ئازادی و دیموكراتیزەبوونی كوردستانمان بكردایە، ئەمەش بە سەركردایەتی كورد (كە لەشاخدا پەروەردە بووبوو) تەحەمول نەدەكرا بۆیە جەنگیان بەرپاكرد و وایان لێكردین لە هەموو خواستێكی خۆمان خۆشبین و تەنها داوای (ئاشتی) بكەین، ئەوان ئاشتیشیان پێی قورس بوو شەڕیان هێندە درێژكردەوە تا وای لێهات هاوڵاتی كورد تەنها بە (ئاگربڕ) رازیبێت. ئەمڕۆش بە وشەی بریقەداری رێكەوتن و تەوافوق وایانكردوە كە چاو بپۆشین لەو مافەسەرەتاییانەی هاوڵاتیبوون و ئەو دەنگانەی كە بەپەرۆشەوە خستمانە سندوقەكانی دەنگدانەوە ، راستیەكەی خۆشبەختی پارتی و یەكێتی لەوەدایە كە خەڵك بیرناكاتەوەو هۆشیاری لەدەستداوە، ئەگینا گوتار و پارادایمی كاری ئەم دوو هێزە زەمەنێكە بەسەرچووە بەڵام بە هاوچەرخترین فەلسەفەی سیاسی بە كوردی دەفرۆشنەوە، پارتی و یەكێتی لە مومارەسەیاندا جیاوازیەك ناكەن لە نێوان سەردەمی بەعس و ئەمڕۆی بەغدا كە دیموكراسیان 15ساڵ لە پێش ئێمەوەیە،و رەنگە ئیدی مام جەلال نەگەڕێتەوە لامان چونكە لەزەتی دیموكراسی ئەوانی بردووە، بیریشتان نەچێت هەرلەم سەردوبەندەدایە بچوكترین پنتی ئازادی كە "دەربڕین"ە (حریە الكلام) سەركردایەتی هەرێم بەرەوای نابینێ بۆ پیاوێك و بە (30)ساڵ خزمەتی زیندانی بۆ دەبڕێتەوە، لە ژورەداخراوەكانەوە بریاری یەكگرتنەوەی روكەش و (30)زیندانی بۆ د.كەمال سەیدقادر دەربكرێت ئێمە چۆن ئومێدێك بكەین بە ئایندە!!

## 4- هاوینە هەوارەكانی دوكان و سەلاحەددین.. دوو دۆزەخی دیموكراسی

قبوڵكردنی ئەم دۆخە بەوەی بە كردنەوەی چەندوەزارەتێك زیاتر و یەكگنەگرتنەوەیەكی جەوهەری لە وەزارەتەكاندا و دابەشكردنی دەسەڵات لە نێوخۆیاندا و بە سیستمی (ساڵێك بۆ من ساڵێك بۆ تۆ) لە راستیدا رازیبونە بەوەی كە ئامادەین 15ساڵی داهاتوو وەك 15ی پێشوو بژین چونكە هەمان سیناریۆیە دوبارە دەبێتەوە، سەرتایەكە بۆ شەرعیەتدان بە گەندەڵی زیاتر و گیرۆدەبون و نقوم بوونی هاوڵاتی لە ململانێی فەرمانگە دوو روخسارەكاندا ، ئەبێت هاوڵاتی لە هەموو فەرمانگەیەكدا لە نێوان بەرێوەبەر و جێگرەكەیدا چەندان روخساری درۆزنانە بۆ خۆی دروست كات تا كارەكەی بۆ جێبەجێ بكەن، ئەم بێدەنگیەی هاوڵاتیش ئەوە دەهێنێت بە دوای خۆیدا كە ئەم دوو هێزە زیاد لەمە پێ راكێشن، گەر ئەم دۆخە وابروات و تەوافوق هەمو كێشەكانمان بۆ داپۆشێ ئەوا لەبری یەك جەنگ هەموو رۆژێك لە جەنگە دەرونیەكاندا دەژین و ساڵ بەساڵ بەرەو سەدەكانی ناوەڕاست بگەڕێینەوە، گەر هاتوو گرێی سیاسی لە پەرلەمانەوە بگوازینەوە بۆ هاوینەهەوارەكانی دوكان و سەلاحەددین، ئەوا چاوەڕێی لەمەخراپتر بە سەیر نەزانین، چونكە ئەمە مانای ئەوەیە كە لەو دوهاوینەهەوارە

دوو دۆزەخ بۆ پەرلەمانێکی دیموکراس دانراوە. لەبەرئەوە دەبێت لێگەڕێن لەوەی چی رودەدات، یان ئەوەتا با بەیەکجاری بیکەینە دوو پارێزگای جیا و منافەسەی پارێزگاکان دروستبکەین لە روی ئابوری و فەرهەنگی و سیاسیەوە کە وا خەریکە لەباشور حاڵەتێکی وا پەرەدەگرێت کە دواجار بە خزمەتی هاولاّتیش کۆتاییدێت بان با لێگەرێین، جەنگێك لە تەاوفوق و 50–50 باشترە تا دوابخرێ و پەردەپۆشکرێ، راستیەکی تاڵ باشترە لە درۆی رێکەوتن کە وەك بۆمبی تەوقیتکراو وەهایە، خوێنێك برژێتە سەرخاك و ساردبێتەوە باشترە تا ئەوەی لە دەمارەکانماندا بەردەوام گرژ و گەرممان بکات بۆ جەنگ..